کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:28 30-7-2007

**بردنەوەی عێراق و کولانەوەی برینەکان و کەناڵە عەرەبییەکان ... تاریق ئەحمەد**

ئەگەرچی مرۆڤ ئازادە کە لەکاتی خۆشیدا چۆن هەستی خۆی دەردەبڕێت بەڵام ئەوەی کە پێویستە ڕەچاو بکرێت هەستی خەڵك و جەماوەرە کە نابێت دەربڕینی خۆشیەکانمان ببێتە هۆی ئازاردانی هەستی خەڵك، پاش بردنەوەی هەڵبژاردەی عێراق لە هەڵبژاردەی سعودیە و بەدەست هێنانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا خۆشی و شادی تێکرای خەڵکی عێراقی گرتەوە بە کوردستانیشەوە بەڵام ئەوەی جێگای داخ و کەسەرە لەم خۆشی و شادیەدا خەڵکانێکی نەزان و نەفام بە سوردان و هەلهەلە کێشان و هۆرن لێدان و زۆر بێ باکانە ئالای عێراقیان بەرز کردبۆوە و ڕایان ئەوەشاند بەرەو ڕووی جەماوەر و بەناو کۆڵانەکانی شاردا ئەگەڕان بێئەوەی ڕەچاوی هەستی دایکانی شەهید و ئەنفالکراوەکان و کیمیاباران بکەن، بڕوا بکەن وام هەست کرد کە لەیەکێك لە شەقامەکانی فەلوجە و کوت ئەگەڕام نەك هەولێر و سلێمانی لە لایەکی ترەوە ئەو عەرەبانەی کە ئێستا لەم کوردستانەدا نیشتەجێن و لە ترسی کۆنە بەعسی و تیرۆرستان هەڵاتوون وەخت بوو چاومان دەربکەن بە ئالای عێراق کە بە ئاشکرا و بەبێ ترس و بۆ زیاتر ئازاردانمان ئالاکەیان ئەکرد بە چاوماندا، کەناڵە عێراقی عەرەبییەکانیش ئەوە هەر باس مەکە کە بەدەگمەن دیمەنەکانی ئاهەنگ گێڕانی خەڵکی کوردستانیان دەگواستەوە کە ئەویش ئەو دیمەنانەبوون کە ئاڵی عێراقی تیادا بەرزکرابۆوە و بێژەرەکە دەیگوت ( هاهو العلم العراقی یرف رف علی رئوس ابنائها فی کردستان ) یەکێکی تریان دەیگوت ( تلك الرایة التی هز ویهز الاعداء منذ الزمن مازال مرفوعا علی رؤوس اعدائها مهما فعلوا و قالوا ) بەڵی ئەمەیە نیشتیمان پەروەری کە ئەو ئالایەی لە سایەیدا سەدان هەزار کورد لەناو چون بەهەموو شێوەکانی لەناو بردن ئێستا بەدەستی کورد و لەناو جەرگەی کوردستاندا بەشان هەڵتەکاندن و بادان بەرز ئەکرێتەوە و ئەکرێت بەچاوی ئەم میللەتەدا و وەك ئەوەی ئێمە لەسایەی ئەم ئالیەدا ژیانمان کردبێت، هیوادارم ئەوانەی بە بادان و سوردان ئەم ئالیەیان بەرز ئەکردەوە چاوێك بە مێژودا بخشێنن و بزانن لە سایەی ئەم ئالایەدا باو باپیرانیان و میللەتەکەیان چی بەسەر هاتوە ئەوسا بایەن و هەڵیتەکێنن بەدڵی خۆیان.





ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.